# ئیدموند هوسەرل: فەلسەفە وەک زانستێکی ورد و ڕێکوپێک

له ئەڵمانییەوە: د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی ئاداب)

**بەشی سێیەم:**

ئەگەر بابەتی دەروونیی ناوەکی خۆی لەخۆیدا سروشت نەبێ، بەڵکو بە پێچەوانەی Gegenwurf سروشتەوە بێ، دەبێ ئێمە لەودا لە چی بکۆڵینەوە کە بوونەکەیەتی؟! ئەگەر لە شوناسێکی بابەتیشدا نەکرێ دیار و دەستنیشان بکرێت بەو پێیەی کە یەکەیەکی گەوهەرییە و هەمیشە دەکرێ پەی پێ ببرێ و لە ڕێگای زانستە ئەزموونییەکانەوە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی دیار و پشتڕاست بکرێنەوە، ئەگەرچی ناکرێ لە تەوژمی نەمریدا دووربخرێتەوە، ناشکرێ ببێ بە بابەتی هاوبەشی نێو خودی intersubjektiv، کەوابوو دەکرێ چی لەو تێ بگەین، چی دیار و دەستنیشان بکەین و چۆن بیکەین بە یەکەیەکی کلۆمی بابەتییانە؟ ئەمە وا تێی دەگەیشترێ گوایە ئێمە لەگۆڕەپانی فینۆمینۆلۆجیدا دەمێنینەوە و پێوەندییەکان بە لەش و سروشت کە بە تاقیکردنەوە وەک شت ئەزموون دەکرێن، دەخەینە دەرەوەی هەژمارکردن: ئەوکاتە وەڵامەکە بەو جۆرە دەبێت:

ئەگەر دیاردەکان، وەک دیاردە، سروشتیان نەبێت، ئەوە گەوهەرێکیان Wesen هەیە دەکرێ بە دیتنی ڕاستەوخۆ پەی پێ ببرێ و دیار و دەستنیشان بکرێت. هەموو دەستەواژە دەربڕەکان کە بەهۆ و ڕێگای چەمکەکان و دیاردەکان باس دەکەن، ئەوەندەی ئەوان دروست بن بە سایەی چەمکە گەوهەرییەکانەوە ئەوە دەکەن، ئیتر بەهۆی دەلالەتی بۆچوونی وشەکانەوە، ئەوانەی کە دەبێ خۆیان لەنێو سەرنجدانی گەوهەریدا Wesensschaung ئاوێتە بکەن.

(٣١٥): دەبێ دوا بنەما و بنچینەکانی هەموو میتودەکانی دەروونزانی بە وردی و تەواوەتی پەیان پێ

ببردێ و تێ بگەیشترێن، جا دوو ئەفسانەی هەڵوێستی ڕێبازی سروشتی کە هەموومان پەیڕەوی دەکەین و ئێمەی ناکارا و بێ توانست کردووە، دەستبەرداری سروشت ببین و دەروون بەبێ گەردی و لەجیاتی هەڵوێستی فیزیکی دەروونیانە، بکەین بە کەرەستە و بابەتی توێژینەوەی سەرنجدانانە ئەمە بۆتە کوسپ لەبەردەم و لەسەر ڕێگای پەیدابوونی زانستێکی بە برشتی ئەنجام تێروتەسەلی دروست، کە لەلایەکەوە بنەما بنەڕەتی سایکۆلۆجییەکی ئەوپەڕی زانستی و لەلایەکی دیکەوە گۆڕەپان و پاوانی ڕەخنەکردنێکی ڕاست و ڕاستەقینەی ژێر دەبێ. ئەفسانە و جادووی ڕێبازی زگماکی سروشتی لەوەدا پەیدا دەبێ و سەر ئاودەکەوێ کە دیتنی «گەوهەر» و «ئایدیاکان» لەلامان سەخت و دژوار دەکات، یان پتر، چونکە ئێمە ئەوان بەردەوام و بێ پسانەوە دەبینین و پشتڕاستیان دەکەینەوە، بە تایبەتی لە جۆری تایبەتمەندییەکانیاندا لە جیاتی ئەوەی نا ژێرانە بە سروشتیان بکەین، سەرنجدانی گەوهەرییانە وەک پەی پێ بردن و تێبینی کردن نییە و گرفت و سەختی، یان نهێنی سۆفییانە ناداتە دەست. ئێمە کاتێک «ڕەنگ» بەهۆی بۆ هاتنەوە لەلای خۆیان ئەوپەڕی ڕوون دەکەین و دەیکەین بە پێدراوێک، دەبێ بە «گەوهەر» و کاتێک ئێمە بەو پێیە خۆی بە سەرنجدانێکی بێگەرد لە پەی پێ بردنێکەوە بۆ یەکێکی تر دەچین و دەیکەین بە کەرەستە و بابەت.

پەی پێ بردن لە خۆیدا چییە- ئەو پەی پێ بردنە تاکە لە یەک چووانە- ئەوە بەسەرنجدان و وردبوونەوە لە گەوهەری تێبینی کردن Wahrnehmung تێ دەگەین. ئەوەندەی بۆ هاتن، ئەوەندەی هەست و نەستی پەی پێ بردن بڕ بکات، ئەوەندەش شیاوەکی پرۆسەی ئیدێ ڕۆنان بڕ دەکات (هەروەک لە کتێبی چەند توێژینەوەیەکی لۆجیکدا گوتراوە)، یان لە سەرنجدانی گەوهەریدا هاتووە. ئەوەندەی بۆ هاتن بێگەردبێت و هیچ دەلالەتێکی سەرپێی و بۆچوونی ساکاری تێدا نەبێ، ئەوەندە سەرنجدراوە و دیتراوە گەوهەرەکە دیتراوێکی وەک ئەو دەبێ، پێدراوێکی ڕەها دەبێ. ئیتر پاوانی دەسەڵاتی دەست ڕۆیشتنی بۆ هاتنی بێ گەرد هەموو ئەو بوار و گۆڕەپانانە دەگرێتەخۆ کە سایکۆلۆجی بە «دیاردەکانی دەروونی» خۆی دادەنێ، بەو مەرجەی تەنیا ئەو خۆی، بە ناوەکییەکی بێ گەرد وەری بگرێ. ڕوون و



**ئیدموند هوسەرل**

ئاشکرایە بۆ هەر کەسێک کە پابەندی بڕیاری پێشییانە نەبێت، ڕێگا بکات «گەوهەرە» پەی پێ براوەکان بەلای کەمەوە لە چەند چەمک و بۆچوونێکی نەگۆڕ لە چوار چێوەیەکی بەریندا جێگیر بن، بەمە ڕێگای بەکارهێنانی چەند دەستەواژەیەکی جێگیر، بگرە بابەتی بەپێی جۆری ڕاستییە ڕەهاکەیان دەدات. جیاوازییان کەمە لاوەکییەکانی ڕەنگ بە هەموو وردەکارییەکانەوە لە جێگیرکردن دەرباز دەبن، بەڵام ڕەنگ بە پێچەوانەی دەنگەوە، جیاوازییەکی بەهێز نیشان دەدات لە هەموو جیهاندا لەو بەهێزتری تێدا نەبێت. ئەو گەوهەرە بەو جیاوازییە ڕەهایانە، یان جێگیرانە نەک تەنیا ئەو «ناوەرۆکەکەیان» هەست پێ کراوە و چەند دیاردەیەکن (کەرەستەی بینین، سێبەری خێو و شتی لەم جۆرە)، بەڵکو بەلای کەمەوە گەوهەری هەموو شتێکی دەروونین، هی گشت کرداری (من) و ڕەوشی (من)ن کە وەک ناوونیشانە ناسراوەکان وان بۆ نموونە: پەی بردنی هەستی، تێبینی، ئەندازە و وەبیرهاتنەوە، بڕیار (حوکم)دان، هەست، خواست بە هەموو وێنە و ڕوخسارە تایبەتییە لە ژماردن نەهاتووەکانیانەوە، ئەو جیاوازییە وردانەی کە سەر بە ڕووباری دیاری نەکراون، بە دووری دەمێننەوە، ئەگەرچی زانستی تیپ کە شرۆڤەی ڕووبارەکە دەکات، چەند بیرۆکەیەکی خۆی هەیە، ئەگەر پەیان پێ

ببرێ و جێگیر بکرێن، دەبنە مایەی دەستگیربوونی زانینێکی ڕەها.(٣١٦) هەموو ناوونیشانێکی سایکۆلۆجی، وەک تێبینی کردن، یان خواست، ناوونیشانی کایەیەکی فراوانی شیکردنەوەی هۆشە، واتە لە کایەی توێژینەوەی گەوهەرەکاندا، لێرەدا پێوەندی بە کایەیەکەوە هەیە ئەوەندە فراوان و بەرینە کە دەکرێ تەنیا هەر لەگەڵ زانستی سروشتدا بەراورد بکرێ، ئەگەرچی سەیر و سەرنج ڕاکێشیش بێتە بەرچاو.

ئێستاش ئەوپەڕی گرنگ و بایەخدار بزانرێ کە سەرنجدانی گەوهەرییانە هیچ لە شارەزایی (خیبرە) کەمتر نییە، بە واتای تێبینی و وەبیرهاتنەوە، یان چالاکی لەو جۆرە، دواتر هیچ لە گشتاندنی ئەزموونی کە واتاکەی لەوەدایە بوونی تاکیانەی بوونی وردەکاری شارەزایی پێکەوە دادەنێ، کەمتر نییە. وردبوونەوە و سەرنجدان، گەوهەر وەک بوونێکی گەوهەری پەی پێ دەبات و هیچ بوونێک بەهیچ شێوازێک لەوێ دانانێ. بەو پێیە زانینی گەوهەر بەهیچ جۆرێک زانینی بابەتی هەڵکەوت (فاکت) نییە، بەڵکو هیچ جۆرە ساغ کردنەوەیەک دەربارەی بوونەوەرێک لەوێ تاک بێ (سروشتی بێ) نەبووە. بنەڕەتی، یان باشتر خاڵی دەستپێکی سەرنجدانی گەوهەر بۆ نموونە گەوهەری تێبینی کردن، هی وەبیرهاتنەوە، هی بڕیار (حوکم)دان ...تاد، دەکرێ تێبینی کردنی تێبینییەک، هی وەبیرهاتنەوەیەک هی بڕیاردانێک...تاد، بێ. دەشکرێ تەنیا هەر خەیاڵێکی ڕوون و ڕەوان بێت، ئەمەی ئەو جۆرە هیچ شارەزاییەک نییە و هیچ بوونێک ناگرێتەوە و پەی پێ نابات. بەمە بە هیچ جۆرێک تێگەیشتنی گەوهەری بەرنەکەوتووە، ئەو وەک پەی بردن بە گەوهەر بۆ هاتن و سەرنجدانە، ئەمەش جۆرێکی تری سەرنجدانە و لە شارەزایی جیاوازە. ئاساییە کە دەکرێ گەوهەرەکان بە ساکار و تەمومژاوی وێنا بکرێن، بە سیمبۆل وێنا بکرێن و بە هەڵە دابنرێن و بەکاربهێنرێن- ئەوکاتە ئەوان گەوهەری مەزندەکراوی ڕووت دەبن، ناکۆکیان تێدا دەبێ، ئەوەش لە کاتی سەرنجدانیاندا دەردەکەوێ کە کۆک نین و هەماهەنگییان تێدا نییە، ئەو دۆخە ساکارە تەمومژاوییە دەکرێ بە «دروست و ڕاست» پشتڕاست بکرێتەوە بە سایەی گەڕانەوە بۆ سەرنجدانی هاوردەکانی گەوهەر.

هەر بڕیارێک ببێتە مایەی دەربڕینێکی دروست و گونجاوی لە چەند بۆچوون و چەمکێکی گونجاودا داڕێژرابێت ئەوەی کە لە گەوهەردایە، چۆن گەوهەری جۆرێکی دیاریکراو، یان تایبەتی لەگەڵ هی تردا دێتەوە، چۆن بۆ نموونە «سەرنجدان- بۆ هاتن» و «مەبەستی بەتاڵە»، چۆن «فەنتازی» و «تێبینی کردن» چۆن «چەمک- بۆ چوون» و «ڕامان»...تاد لەگەڵ یەکتریدا یەکدەگرن، لەسەر بنەمای ئەمە و ئەو جۆرە ڕەگەزانەی گەوهەریان لێ پێکدێت بەناچاری توانایی یەکگرتنیان هەیە، کە وەک بۆ هاتن و تەواوکردن لەگەڵ یەکتری دەگونجێن، یان بە پێچەوانەوە بەیەکەوە هەڵناکەن و ناگونجێن و دەبنە مایەی دەرکەوتنی هۆشیاری بێ ئومێد کردن...تاد. هەر بڕیارێکی لەو جۆرە، زانینێکی ڕەها بەگشتی ڕاستە و وەک بڕیارێکی گەوهەرییانە لەو جۆرەیە کە بەهۆی شارەزاییەوە پشتڕاست دەبێتەوە، ئیتر پشتڕاست، یان پووچەڵ بکرێتەوە بە پێچەوانەی ژیرەوەیە، ئەو بڕیارە «پێوەندی بیرۆکەکان» ئەرکێکی پێشیینانە بە واتای ڕاست جێگیر دەکات، ڕاستە ئەمە لەبەرچاوی هیوم بووە، بەڵام بە سایەی ئەو تێکەڵکردنە پۆزیتیڤیستییەی گەوهەر و بیرۆکە بە پێچەوانەی وێنەی ناو مێشکەوە دەبوو بە هەڵەدابچێ.(٣١٧) لە هەمان کاتدا ئاراستە گومانکارییەکەی ئەو بوێرییەی نەبووە ڕێکوپێک و گونجاو بێت و لەسەر بنەمای ئەو زانینە، ئەوەندەی ئەو دەیبینێ بیهەژێنێ. ئەگەر ڕێبازە هەستەکییەکەی دەربارەی تێکڕای کایەی ئامانجەکی «هۆشیاری» نابینایی نەکردبایە، ئەگەر لە چوارچێوەی توێژینەوەی گەوهەردا وەریبگرتبایە، ئەوکاتە نەدەبوو بەو گومانکارە گەورەیە، بەڵکو دەبوو بە دامەزرێنەری تیورییەکی ڕاستەقینەی پۆزەتیڤی ژیر. هەموو ئەو کێشانەی لە کتێبی «پەیامێک»دا بە گەرمی جووڵاندوویانە و لەسەر لێ شێوانێکەوە بۆ یەکێکی تر بردوویانە، چەند کێشەیەک بەهۆی هەڵوێستەکەیەوە هەرگیز نەیتوانیوە بە شێوازێکی گونجاو و بێ گەرد دایانبڕێژێ، هەموو ئەمانە دەچنە کایەی دەستەڵاتی فینۆمینۆلۆجی، گشت ئەوانە دەبێ بەپێی بە دواداچوونی پێوەندییە گەوهەرییەکانی فۆرمەکانی هۆشیاری، هەر بەو شێوەیە پەیوەستی و ئامانجە گەوهەرییەکان بە تەواوەتی یەکلایی بکرێنەوە بەوەی کە بە تێگەیشتنێکی پابەند

بەو سەرنجدانانەی گشتی هەموو پرسیارە پڕ واتاکان بەبێ وەڵامدانەوە نەمێننەوە. بەو جۆرە کێشە زەبەللاحەکانی خودی بابەتەکە لە بەرانبەر هەمەڕەنگی وێنەکانی ناو مێشک، یان پەی پێ بردنیان چارەسەر دەبن، ئەوی ڕاست بێ:

چۆن تێبینییە هەمەڕەنگییەکان، یان دیاردەکان دەبنە مایەی ئەوەی بابەتێک هەر خۆیشی «ببێ بە دیاردە» ئیتر ئەو خۆی و بۆ ئەوەی کە هۆشیاری یەکخەری یەکڕەنگ و خودی هەمان شتە، دەکرێ هەر خۆی هەمان شت بێت؟ ئەمە پرسیارێکە تەنیا هەر بە ڕێگای فینۆمینۆلۆجی توێژینەوەی هۆشەوە بە ڕوونی دادەڕێژرێ و وەڵام دەدرێتەوە. (ئەمە پرسیارێکە پێشتر بەپێی شێوازی خۆمان چۆن دابڕێژرێ ڕوونمان کردەوە). ئەگەر بویسترێ ئەو پرسیارە ئەزموونییانە و بەپێی زانستی سروشت وەڵام بدرێتەوە، بریتییە لە تێنەگەیشتن و چەواشە و بە هەڵە لێکدانەوەیە، ئەگەر تێبینی کردنێک وەک شارەزاییەک بێ بەگشتی، تێبینی کردنی بابەتێکە، جا ئیتر بەو جۆرە ئاراستە بکرێ، بەو جۆرە ڕەنگکراو بێت و داڕێژرابێ، بابەتی گەوهەرەکەیەتی با لەگەڵ «بوونی» بابەتەکە هەمیشە هەر چۆنێکیش بێت. ئەگەر ئەو تێبینی کردنە بچێتە نێو زنجیرەیەکی بەردەوامی تێبینی کردنەوە، بەڵام نەک هەر چۆنێک بێت، بەڵکو لە یەکێکدا کە بێ پسانەوە «هەمان بابەت خۆی لە ئاراستەی تردا پێشکەش بکات» جارێکی تر شتێکی بێ گەردی گەوهەرە. بە کورتی: لێرەدا کایە گەورە و فراوانەکانی شیکردنەوەی هۆش هەیە، ئەگەرچی لە بەرهەمەکاندا بە تەواوەتی گەشەیان پێ نەکراوە، ئیتر دەبێ ناوونیشانی هۆشیاری وەک ئەوەی سەرەوەی ناوونیشانی سایکۆ (دەروون) فراوان بکرێت، ئیتر بگونجێ، یان نەگونجێ ئەو هەمووی ناوەکییە ئاماژە بە هەموو ئەوە دەدات کە هۆشیاری وەک هۆش مەبەستیەتی بە هەموو واتایەک. کاتێک کێشە بنجوبناوانییەکان کە بەسەدان ساڵە قسەیان لەسەر دەکرێ، ئەگەر لە ڕێبازە سروشتییە هەڵە و چەوت و بە پێچەوانەی ژێرەوە ڕزگار بکرێن، دەبن بە کێشەی فینۆمینۆلۆجی. (٣١٨) بەو پێیە کێشەکانی بنەڕەتی «بۆچوونی جێگا» هی کات-شت، ژمارە و هی بۆچوونەکانی هۆکار و ئەنجام...تاد. چەند کێشەکی فینۆمینۆلۆجین. یەکەم کاتێک ئەو کێشە بێ گەردانە بە ڕێکوپێکی پێناسە و دیاری دەکرێن، فۆرمولە و یەکلایی دەکرێنەوە، کێشە ئەزموونییەکان لە دەسپێکی پەیدابوونی ئەو جۆرە بۆچوونانە وەک چەند ڕووداوێکی هۆشیاری مرۆڤ واتایەکی زانستی ئەوتۆیان پێ دەبڕێ کە دەکرێ پەی پێ ببرێ و تێی بگەیشترێ.

بەڵام ئەمە گشتی پەیوەستە بەوەوە، چۆن دەبینرێ و دەکرێ بە کەرەستەی تایبەتی، هەروەک ئەوەی مرۆڤ ڕاستەوخۆ بتوانێ دەنگێک ببیستێ، دەتوانێ گەوهەرەکەی، گەوهەری دەنگەکە، گەوهەری «دەرکەوتی شمەک» گەوهەری «شمەکی بینین» گەوهەری «بۆچوونی وێنە» گەوهەری بڕیار (حوکم)دان، یان خواست...تاد. ببینێ بڕیارێکی گەوهەری بدات. لەلایەکی دیکەوە دەبێ خۆ لە تێکەڵاوکردنەکەی هیوم بپارێزرێ، هەر بەو پێیە نابێ سەرنجدانی فینۆمینۆلۆجیانە تێکەڵ بە سەرنجدانی ناخی خۆ لەگەڵ شارەزایی (ئەزموون) ناخ بکرێت، بەکورتی لەگەڵ ئەو چالاکییە بگۆڕدرێ کە لە جیاتی گەوهەر و وردەکارییە تاکەکان دابنرێ.

فینۆمینۆلۆجی بێ گەرد وەک زانست دەتوانێ، ئەوەندەی بێ گەرد بێ و سوود لە بەکارهێنانی ئیگزیستینتیالی سروشت وەرنەگرێ، تەنیا هەر بریتی بێ لە توێژینەوەی گەوهەر، نەک توێژینەوەی بوون، هەموو سەرنجدانێکی ناخی ناوەوە و هەموو بڕیارێک لەسەر بنەمای ئەو جۆرە شارەزاییە لە دەرەوەی سنووریدا دەبێت.

تاک لە ناوەکییەکەیدا دەکرێ تەنیا وەک «ئەولێرە» دابنرێ: ئەو تێبینی و وەبیرهاتنەوە ڕووبار ئاساییە و شتی لەم جۆرە، ئەگەر پێویستی کرد، دەکرێ لەژێر چەمکی گەوهەری ورد و ڕێکوپێکی شیکردنەوەی گەوهەردا دابنرێت، لەبەر ئەوەی تاک گەوهەر نییە، بەڵام ئەو گەوهەرێکی «هەیە»، دەکرێ لە بارەیەوە قسەی ڕوون و ڕەوان و ڕاست بکرێت، بەڵام وەک تاک جێگیر بکرێ و جێگایەکی لە جیهانێکی بوونی (دازایین)ی تاکدا بدرێتی، ناکرێ ئەو خستنە ژێرەوە بە ئاشکرا دەستەبەر ببێ، بۆ ئەو تاک هەتاهەتایە هەر بێ سنوور و دەستنیشان نەکراوە (ئەپیرون) بە ڕێگایەکی ڕاستی بابەتییانە دەکرێ ئەو تەنیا گەوهەر و پێوەندییە گەوهەرییەکان بناسێ، بەمەش دەتوانێ هەموو شتێک بکات و بەڕاستی بیکات و دەستەبەر ببێ، ئەمەش بۆ تێگەیشتنی ڕۆشنکەرەوەی گشت زانینێکی ئەزموونی و

گشت (٣١٩) زانینێک بەگشتی پێویستە. ڕوونکردنەوە و ڕۆشنکردنی «بنجوبناوان»ی هەموو «بنەماکان»ی لۆجیکە ڕوخساری و لۆجیکە سروشتی و ڕێ نیشاندەرەکانی تر و گشت ئەو کێشانەی لە پێوەندی دەستیاوی بووندا هەن «سروشتی بێ، بەها بێ) و (هۆشیاریی).

***

ئێستا دەچینە سەر هەڵوێستی دەروونیی فیزیکی، لەودا «دەروونی» بە تێکڕای گەوهەرە تایبەتییەکەیەوە لەگەڵ لەشێک و لەگەڵ یەکڕەنگی سروشتی فیزیکی ڕێکخستن و هەماهەنگییەکی دەستگیر دەبێ: ئەوی لە تێبینی ناوەکی پەی پێ براوە و وەک گەوهەرییانە بەو جۆرە لێکدراوەتەوە، لەگەڵ ئەوەی هەستەکییانە پەی پێ براوە و ئەنجا بەهۆیەوە لەگەڵ سروشت پێوەندی دروست دەکات، بە سایەی ئەو ڕێکخستنە دەروونییە کە خەسڵەتی ڕاستەوخۆی سروشتییانەی بابەتی و ناڕاستەوخۆ جێگەیەکی لە کات و جێگای سروشتدا دەستگیر دەبێ، لەوەدا کە ئێمە بە کاتژمێر دەیانپێوین، تارادەیەکی لە نزیکەوە دیاری نەکراو «پشت بەستنی» ئەزموونی بە فیزیک ئامرازێک کە «دەروونی» وەک بوونی تاکی نێوخودەکان دەستنیشان بکات، لە ئارادا دەبێ، هەروەها لە توێژینەوەی پێوەندییە دەروونییە فیزیکییەکان بە جۆرێک کە ببێتە مایەی پێشکەوتن، بەشداری دەکات. ئەمە قەدەغە و پاوانی «سایکۆلۆجییە وەک زانستی سروشت»، ئیتر بەپێی واتای وشەکە، سایکۆفیزیکی، سایکۆلۆجی و بێ گومان بە پێچەوانەی فینۆمینۆلۆجی زانستێکی ئەزموونییە.

شتێک نییە گومان هەڵنەگرێ، سایکۆلۆجی کە زانستی دەروونە، دەبێ وەک دیاردە دەروونییەکان و پێوەندییەکانیان بە لەشەوە ببینرێ. ئەوی ڕاست بێ، ئەو زانستە هەمیشە لەلایەن چەند بابەتی کردنێکی بنەڕەتی و ناچاری ئاراستە دەکرێ کە پێوەندییەکانی یەکەکانی ئەزموونی مرۆڤ و زیندەوەرن، لەلایەکی دیکەوە، دەروون، کەسایەتی...تاد، کارەکتەر چەند دۆخ و ڕەوشێکی کەسایەتین. بۆ مەبەستەکەی ئێمە لەگەڵ ئەوەشدا، پێویست نییە بەدوای شیکردنەوەی گەوهەری بنیادنانییەکەیدا و بەدوای ئەو کێشەیەدا بچین کە لەخۆیەوە ئەرکی سایکۆلۆجی دیاری دەکات. ئیتر دەستوبرد ڕوون دەبێتەوە کە ئەو یەکانە لە بنەڕەتدا لە جۆرێکی ترن و جیاواز لە شتەکانی سروشت، ئەوان بەپێی گەوهەرەکانیان بەهۆی چەند پەردەپۆشکاری دیاردەکانەوە دەبن بە چەند فاکتێک، کەچی ئەمە بەهیچ شێوازێک یەکە گومان لێکراوەکان ناگرێتەوە. تەنیا هەر بابەتی بنەڕەتی «لەشی مرۆڤ» نەک مرۆڤ خۆی یەکەیەکی دیاردەی ڕاستەقینەی شتە، ئیتر بەڕاستی نەک کەسایەتی و سروشتی مرۆڤ...تاد، لەو جۆرە یەکانە نین، ئەو جۆرە یەکانە گشتییان دەچنەوە سەر یەکەکانی ناوەکی ژیانی «ڕووباری هۆشیاری» تایبەت بە هەر یەکەیەک لەوان و دەچنەوە سەر تایبەتمەندییە مۆرفۆلۆجیکییەکان کە یەکە ناوەکییە جۆربەجۆرەکان لە یەکتری جیا دەکەنەوە. بەو پێیە (٣٢٠) زانینی سایکۆلۆجییانە واخۆی دەبینێتەوە کە پەیوەستە بەتاکەکانی مرۆڤ و کەسایەتی و سروشتی مرۆڤ و دەچێتەوە سەر یەکەکانی هۆش و توێژینەوەیەکی دیاردەکان خۆیان و ئاوێتەبوونی ناوخۆیان پێکەوە.

ئێستا دوای ئەوەی ئەو هەمووەمان ڕوون کردەوە، پێویست بە پتر شرۆڤەکردن ناکات، بەهۆی چەند هۆکارێکی کاراوە، لەوەی تا ئێستا ڕوون کرایەوە تێی بگەیشترێ:

هەموو زانینێکی سایکۆلۆجی بە واتا ئاساییەکەی، زانینی گەوهەری دەروونیی دەکات بە پێشمەرج بەوەی کە بە سایەی ئەزموونە سایکۆلۆجییە فیزیکییەکان و بەهۆی پەی پێ بردنە ناوەکییە بێ مەبەستەکان، یان شارەزایی و ئەزموون، گەوهەری وەبیرهاتنەوە، هی بڕیار (حوکم)دان و خواست بویسترێ تاووتو و لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێ بۆ ئەوەی بە هۆیانەوە چەمکە ورد و ڕێکوپێکەکان دەستگیر بن کە خۆیان دەتوانن بایەخی زانستی بە ناو و سیمبۆلە دەروونییەکانی نێو دەستەواژەکانی سایکۆلۆجی- فیزیکییەکان ببەخشێ، لووتکەی بە تەفرە چوون و گۆڕانە.

هەڵەی بنەڕەتی سایکۆلۆجی نوێ کە ڕێگرییەتی لەوەی بەڕاستی ببێ بە سایکۆلۆجی، بە تەواوەتی ببێ بە زانستێکی تەواو، ئەوەیە کە میتودەی فینۆمینۆلۆجی نازانێ و پەرەی پێ نەداوە. ڕێگای بەخۆی داوە بەهۆی بڕیاری پێشییانەی مێژووییەوە خودداری لەوە بکات و خۆی ببوێرێ و شیکردنەوە ڕوونکەرەوەکانی چەمکەکان

کە لەوێدان بۆ ئەو میتۆدەیە سوودیان لێ وەربگرێ، هەروەها پێوەندی بەم ڕەهەندەوە زۆربەی سایکۆلۆجیستەکان لە سەرەتای دەستپێکەکانی فینۆمینۆلۆجی تێناگەن ئەو سەرەتایانەی پێشتر پێشکەش کرابوون. ئەوان ئەوی ڕاست بێ، ئەوان ئەو هەڵوێستە دەست پێشخەرییانەی جێبەجێ کراوی توێژینەوەی گەوهەر بە «ئەبستراکت» لێ دەرکردنێکی میتافیزیکی سکولاستی (فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست) دادەنێن، بەڵام ئەوەی بەسەرنجدان تێی بگەیشترێ، تەنیا هەر بەسەرنجدانیش تێی دەگەیشترێ و پشتڕاست دەکرێتەوە. دوای ئەو شرۆڤە و لێکدانەوانە ڕوون بۆوە، ئەو هۆکارەش لە ئارادایە کە بەو هیوایە بم کە لە داهاتوویەکی نزیکدا دانی پێدا بنرێ، زانستێکی بەڕاستی و بە تەواوەتی ئەزموونی سایکۆلۆجی لە پێوەندیدا بەسروشت بەدی نایەت ئەگەر سایکۆلۆجی خۆی لەسەر بنەمای فینۆمینۆلۆجی سیستمیانە بنیاد نەنێ. ئەوکاتەی کە وێنە گەوهەرییەکانی هۆش و کۆی پێوەندییە ناوەکییەکانی کە لە پەیوەستە سیستمییەکاندا بە بێ گەردی بەسەرنجدان توێژینەوەی لەسەر کراوە و جێگیربووە، پێوەرەکان دەدرێنە دەست بۆ دەستنیشانکردنی واتا و ناوەڕۆکی زانستییانەی چەمک و بۆچوونەکانی (٣٢١) هەر دیاردەیەک، ئیتر ئەو چەمکانەی سایکۆلۆجی بەهۆیانەوە لە بڕیارە سایکۆ فیزیکییەکانیدا، دەروون خۆی دەردەبڕێت، تەنیا هەر فینۆمینۆلۆجی ڕادیکاڵی سیستمیانە، نەک هەر لابەلایی و بە چەند وردبوونەوەیەکی لە یەکتری دابڕاو و تاک، لە کایەی هۆشیاری تاک و کۆ (دەستەجەمعی) دەتوانێ ببێتە مایەی تێگەیشتنمان لە «بابەتی دەروونی» و بایەخ بە کێشە ئەوپەڕی ئاڵۆز و تەمومژاوی هۆشیاری دەدات و بەگیانێکی ئازاد هەنگاو هەڵدەگرێ و هیچ بیرۆکەیەکی پێشییانەی لە ڕێبازی سروشتی کەوتووەوە نابینای ناکەن. تەنیا ئەوکاتە چالاکی زەبەللاحانەی ئەزموونی ئەم سەردەمەمان و کۆی فاکتە ئەزموونییەکان کە نەزمە قانونییە گرنگەکان بە سایەی ڕەخنەکردنی هەڵسەنگاندنانەو لێکدانەوەی دەروونییانە کۆکراونەتەوە، بەروبوومی ڕاستەقینەی خۆیان پێشکەش دەکەن. لێرەدا دەتوانرێ جارێکی دیکە دانی پێدا بنرێ کە ناکرێ دەربارەی سایکۆلۆجی ئەم سەردەمە بەهیچ جۆرێک پێی لێ بنرێ، سایکۆلۆجی لە نزیک فەلسەفەوەیە و پێوەندی توندوتۆڵی پێوەی هەیە. ئەوکاتە پارادۆکسی (ناکۆکی) ئەنتی سایکۆلۆجیستەکان گوایە تیوری زانین بەهیچ جۆرێک تیورییەکی سایکۆلۆجی (دەروونی) نییە گەرموگوڕی خۆی لە دەست دەدات، ئەوەندەی تیوری زانین بەناچاریی دەبێ بنەماکەی فینۆمینۆلۆجی بێت، ئەمەش بنەڕەتی هەموو فەلسەفە و سایکۆلۆجییەکی لێ پێکدێت.

لە کۆتاییدا، هیچی تر ناکرێ، ئەو جۆرە زرە بەرهەمە فەلسەفەییانە، کە لەم ڕۆژگارەدا زۆر و زەبەندە لە پتر بووندان و گوایە بە سروشت و شێوازێکی ورد و ڕێکوپێکی زانستییانە تیوری زانین و ئاکار و فەلسەفەی سروشت و تیورییە لۆجیکییەکان و پەروەردە لەسەر بنەمای زانستی سروشت و لەپێشەوە لەسەر بنەڕەتی بنەماکانی سایکۆلۆجی ئەزموونی پێشکەش دەکەن، شیاوەکی و گونجاو بن. ئەوی ڕاست بێ، ناکرێ مرۆڤ لە بەرانبەر ئەو بەرهەمانە سەرسامی دای نەگرێ کە دەبینێ هەست کردن بە قووڵی کێشەکان و سەختییەکان کە مێشکە مەزنەکانی مرۆڤایەتی بەدرێژایی ژیانیان کاریان لەسەر کردوون، بەو جۆرە دووچاری لاوازی بووە و (٣٢٢) شکستی هێناوە، هەروەها بەداخەوە دەبێ لە بەرانبەر هەرەس و شکست خواردنی هەست کردن بە واتای ئەو ڕەسەنییەی، کە دەبێ ڕێزی لێ بنێین، لەنێو کایەی سایکۆلۆجی ئەزموونی خۆیدا، سەرەڕای ئەو کەموکوڕییانەی- بە بۆچوونی ئێمە- تێیدا هەیە، دووچاری سەرسوڕمان بین، من بە تەواوەتی لەو باوەڕەدام بڕیاری مێژووییانە دەربارەی ئەو جۆرە بەرهەمانە زۆر توندوتیژ و دڵڕەقتر دەبێ لەوەی دەربارەی فەلسەفەی میللی گازندەکراوی سەدەی هەژدە دراوە.

ئێستا ئێمە گۆڕەپانی ململانێی ڕێبازی سروشتی سایکۆلۆجی بەجێ دەهێڵین. دەکرێ و لەوانەیە ڕێگامان پێ بدرێ، لەسەردەمی لۆکەوە ڕێبازی بەرەوپێشچووی سایکۆلۆجی، بە تایبەتی وێنەیەکی شێواو بووە، دەبوو تێیدا ڕێبازی ڕەوای فەلسەفەیی لەسەر بنەمای دامەزراندنی فینۆمینۆلۆجیانەی فەلسەفە کار بکات. سەرەڕای ئەمە، ئەوەندەی توێژینەوەی فینۆمینۆلۆجی توێژینەوەی گەوهەربێ، بەواتای تەواوەتی پێشییانە (ئەپریۆری)، هەموو هاندەرە ڕەواکانی ئەو ڕێبازە

(ئەپرێیوریزمۆس) پێشیبیانەیە بە هەند دەگرێ. بە هەر جۆرێک، دەبێ ڕەخنەکردنەکەمان ڕوون بکرێتەوە کە ڕێبازی سروشتی لە بنەڕەتەوە بە فەلسەفەیەکی هەڵەی چەواشەبوو بناسرێ، نەک دەستبەرداربوون لە فەلسەفەیەکی ورد و ڕێکوپێکی زانستییانە. «فەلسەفەیەک لە ژێرەوە خۆ بەدەستەوە بدات».

جیاکردنەوەی ڕەخنەگرییانەی میتودەی سایکۆلۆجی و فینۆمینۆلۆجی لەوەی دواییاندا نیشانی دەدات کە ڕێگای ڕاستودروستی بەرەو تیورییەکی زانستییانەی ژێر و بەو پێودانگە سایکۆلۆجییەکی تەواوی تێدایە. بەپێی نەخشەکەمان دەچینە سەر ڕەخنەکردنی ڕێبازی و مێژوویی و تاووتوکردنی فەلسەفەی جیهانبینی.

## ڕێبازی مێژوویی و فەلسەفەی جیهانبینی

(٣٢٣): ڕێبازی مێژوویی (هیستۆریزم) جێگای خۆی لە کایەی فاکتەکانی (ڕاستییەکان) ژیانی ئەزموونی گیان (کولتوور) هەیە، لەوەدا ژیان بە ڕەهایی دادەنێ بێ ئەوەی بە سروشتی بکات (بەتایبەتی واتای تایبەتی سروشت لە هزری مێژووییەوە دوورە و بەشێوەیەکی دیاریکراو بەگشتی کاری تێناکات) ڕێبازێکی ڕێژەیی گەشە دەکات کە پێوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ ڕێبازی سروشتی سایکۆلۆجیدا هەیە و دووچاری هەمان سەختی گومان کردن بووەتەوە. ئەوەی لێرەدا بەلای ئێمەوە گرینگە و جێگای بایەخ پێدانە، خەسڵەتە تایبەتمەندییەکانی گومانی ڕێبازی مێژووییە، کە دەمانەوێ لە نزیکەوە لێی شارەزا بین و قسەی لێ بکەین:

هەموو وێنەیەکی گیانیی- بەفراوانترین واتای وشەکە بەبیردا بێت، هی هەموو جۆرە یەکەیەکی یەکڕەنگی کۆمەڵایەتی، لەژێرەوەی یەکەی تاک خۆی، بەڵام هەموو ڕوخسار و وێنەکانی کولتوور بگرێتەوە- کولتووری ناوەکی خۆی، تیپەکانی خۆی، سامانە سەرسوڕهێنەرەکەی ناوەوە و دەرەوەی فۆرمەکان کە لە تەوژمی ژیانی گیانیدا پەیدابوون و گەشەیان کردووە، بە هەمان ئەو شێوازەی گۆڕین جیاوازی لە بنەڕەت و تیپەکانیدا دروست دەکات. لە جیهانی دەرەوە کە دەبینرێ بنەڕەت و تیپەکانی گۆڕانی ئۆرگانیکی نموونەی لەو چووی تەواوەتی پێشکەش دەکەن. لەو جیهانەدا هیچ جۆرێکی جێگیر و بنیادێکی لەوچوو بوونی نییە، کە لە چەند ڕەگەزێکی جێگیری ئۆرگانیکی پێکهاتبێ، ئەوەی بە جێگیر دێتە بەر دید و بەرچاو، تەوژمێکی پەرەسەندنە. ئەگەر خۆمان لەگەڵ سەرنجدان و بۆ هاتنی ناوەکی یەکەی یەکڕەنگی یەکگرتوویی ژیانی گیان ڕابهێنین، دەتوانین هەست بەو هاندەرە پاڵنەرانە بکەین کە لەنێویدا زاڵ و دەسبەکارن، ئەنجا لە گەوهەر و پەرەسەندنی وێنە و پێکهاتەی گیان و پابەندبوونی بە یەکەی گیانی و هاندەری پەرەسەندن تێ بگەین. بەو جۆرە هەموو بابەتێکی مێژوویی لە بوونە تایبەتیەکەیدا کە بوونێکی گیانییە لەلامان تێی دەگەیشترێ و دەکرێ ڕوون بکرێتەوە، یەکەیەکی ساتێکی پێشکەوتووی واتایەکە، ئەنجا یەکەی ئەوەیە کە بە ژیرانە بەپێی هاندەری ناوەکی ناخ دەرەخسێ و پەرەدەستێنێ.

هەر بەو جۆرە دەکرێ هونەر، ئایین، ئاکار و لەو بابەتانە بەشێوازی بۆ هاتن- سەرنجدان لێیان بکۆڵرێتەوە و بە هەمان شێوەش توێژینەوە لەسەر ئەوەی لە نزیک ئەمانەیە و لە دەربڕیندا بە «جیهاندید» هاتووە بکرێ. ئەوەی کە فۆرمی زانست، یان بە فەلسەفە ناوببرێ، بەو پێیە ئەوەندەی پێوەندی بەو فەلسەفەیەوە هەیە، ئەرکێکی گەورەی لەسەر شانە سترۆکتۆری (بنەمای) مۆرفۆلوجی (زانستی ڕۆنانی وشە) و تیپەکانی ئەو، هەروەها پەرەسەندنی پێوەندییەکانی تاووتو بکات و بەهۆی بووژانەوەی لە ناوەوە، هاندەرە گیانییەکان کە گەوهەرەکەی دیار و دەستنیشان دەکەن، ببێتە مایەی ئەوەی (٣٢٤) مێژووییانە تێیان بگەیشترێ. شتی ئەوپەڕی گرینگ و مایەی پەسندکردن هەیە، لەو سۆنگەیەوە پێویستە جێبەجێ بکرێ، ئەمانە بەرهەمەکانی ڤیلهیلم دیلتای نیشانیان داوە، بەتایبەتی توێژینەوە نۆبەرەکانی دەربارەی تیپەکانی جیهانبینی.

تا ئێستا قسە لە مێژوو، نەک لە ڕێبازی مێژوویی کراوە، ئێمە بە ئاسانی پەی بەو هاندەرانە دەبەین کە بوونەتە هۆی دەرکەوتنی ڕێبازەکە، ئەگەر پەیڕەوی ئەو چەند دەستەواژەیە بکەین کە دیلتای بۆ باسکردنی بەکارهێناون، ئێمە لە وێدا دەخوێنینەوە:

«ئاژاوەی نەزم و سیستەمە فەلسەفەییەکان لەنێو هۆکارەکاندا کە خۆراکی ئاراستەی گومان بوون لە هەموویان کاراتر بووە».

«شتێکی دیکە هەیە زۆر قووڵترە لەو ئەنجامە گومانکاریيانەی لە ناكۆكی و ناتەباییەکانی بیروبۆچوونەکانی مرۆڤەوە دەکەونەوە، ئەویش بریتییە لەو گومانەی لە بەرەوپێشچوونی پەرەسەندنی هۆشیاری مێژووییەوە پەیدا بووە» «تیوری پەرەسەندن- وەک تیوری گەشەکردنی زانستە سروشتییەکان، ئاوێتەی پەرەسەندنی مێژوویی زانینی وێنە کولتوورییەکان بووە- بەناچاری بە زانینی ڕێژەیی فۆرمە مێژووییەکانی ژیانەوە پەیوەستە. لەپێش ئەو دیمەنە کە زەوی ڕابوردوو دەگرێتە خۆ، ڕاستی ڕەهای فۆرمێکی تاکی لێکدانەوەی ژیان و ئایین و فەلسەفە لەبەرچاو ون و بزر دەبێ. بەو پێیە پەیدابوونی هۆشیاری مێژوویی، بنەڕەتیانەتر لە بۆچوونی سەرپێیی خستنەڕووی ڕکابەری و ململانێی سیستمەکان بڕواهێنان بە ڕاستی گشتی هەمەکی هەر فەلسەفەیەک تێکدەشکێنێ و پووچەڵ دەکاتەوە، کە بەشێوازی تۆبزییانە دەربڕینی هەماهەنگی جیهان بەهۆی پێوەندی دەستیاوی چەمک و بۆچوونەکانی گرتووەتە ئەستۆ. ئەو ڕاستییە ڕاستەقینەیەی لێرەدا گوترا، هیچ گومانێک هەڵناگرێ، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: ئەگەر قسەکانی (مەبەست دیلتایە- وەرگێڕ) وەک هەمەکی- گشتییەکی بنەڕەتی وەربگرین، دەکرێ پاساو بدرێنەوە؟!

بە دڵنیاییەوە، جیهانبینی و فەلسەفەی جیهانبینی دوو پێکهاتەی کولتوورین و لە تەوژمی پەرەسەندنی مرۆڤایەتیدا دەردەکەون و بزر دەبن، ئەنجا ناوەرۆکە گیانییە- ژیرییەکەیانیان لە چوارچێوەی پێوەندی دراوە مێژووییەکاندا بەدەستنیشانکراوی پاڵ دەنرێ و هان دەدرێ، ئەمەش بۆ سەرجەم زانستە ورد و ڕێکوپێکەکانیشدا دەگونجێ و ڕاستە. باشە ئەمە دەبێتە مایەی ئەوەی دەستبەرداری ڕاستی بابەتییانە بین؟! دوور نییە لایەنگرێکی توندڕەوی ڕێبازی مێژوویی وەڵامەکە بە «ئا» بداتەوە و پشت بە گۆڕانی بیروبۆچوونە زانستییەکان دەبەستێ، کەواتە چۆن دەکرێ ئەوەی ئەمڕۆ بە تیورییەکی ساغ بووەوە تەماشا بکرێ، سبەینێ بەبێ بایەخ دابنرێ، چۆن دەکرێ کەسانێک قسە لە یاسای دڵنیایی لێ کراوە دەکەن و ئەوانی تر بە گریمانەی ڕووتی دادەنێن و گرووپی سێیەم بە چەند وادانانێکی ساکار و تەمومژاوی هەژمار دەکەن...تاد. ئایا ئەمە وا دەگەیەنێ کە بەپێی گۆڕانی نەپساوەی بیروبۆچوونە زانستییەکان مافی ئەوەمان نییە دەربارەی زانستەکان کە نەک تەنیا هەر پێکهاتەی کولتوورین، بەڵکو چەند یەکەیەکی بابەتی ڕاستودروستن قسە بکەین؟! مرۆڤ بە ئاسانی دەبینێ کە ڕێبازی مێژوویی ئەگەر بەڕێکوپێکی بەڕێوەببرێ، دەچێتە نێو کایەی پەڕگیری گومانکاری ڕێبازی خودییەوە. ئەوکاتە بیرۆکەی: ڕاستی (هەقیقەت) تیوری، زانست، وەک هەموو بیرۆکەکانی دیکە، ڕاستی ڕەهای خۆیان لە دەست دەدەن. بیرۆکەیەک ڕاستودروست دەبێ بەو واتایە کە (٣٢٥) پێکهاتەیەکی ڕاستەقینە (فاکت)ی گیانییە، ئەو فاکتە ڕاستییەی بیر دیار و دەستنیشان دەکات. ڕاستی سادە و ساکار لە خۆیدا ئەوەیە هەیە، ئەو چییە، ئەگەر تاکە کەسێکیش نەیەوێ جێبەجێی بکات و ئەگەر مرۆڤایەتی مێژووییش جێبەجێی نەکات، بوونی نییە، هەروەها بۆ بنەمای بێ ناكۆكی و گشت لۆجیک کە بێ چەندوچوون لەو سەردەمەماندا لە برەودایە، بوونی نییە. لەوانەیە لە کۆتاییدا بنەما لۆجیکییەکانی بێ ناكۆكی پێچەوانە ببنەوە، بگرە دەتوانین دوورتر بڕۆین و ئەنجامی ئەوە دەکەوێتەوە کە هەموو ئەو دەستەواژانەی کە ناومان هێنان، تەنانەت ئەو شیاوەکیانەش کە بیرمان لێ کردنەوە و بەڕاستودروست هەژمارمان کردن، هیچ ڕاستییەکیان نییە...تاد. گرینگ نییە پتر بەردەوام بین و ڕوونکردنەوەکان دووبارە بکەینەوە، ئەمە لە شوێنێکی تردا کراوە. ئەوەی گوترا، بەسە بۆ ئەوەی دان بە گەورەیی سەختی و گرانییەکانی پێوەندی نێوان بەهای دەڵەمەیی و ڕاستی بابەتیدا بنێین، هەروەها بە پێوەندی نێوان زانست وەک دیاردەیەکی کولتووری و زانست وەک نەزمێکی دروست و ڕاستی تیوریيانە، ئەمانە ئەو پێوەندییانەن کە دەتوانن تێگەیشتنێکی ڕوونکردنەوەییانە بدەنە دەست و دەبێ جیاوازی و دژ بزانرێن.

ئەگەر دان بەوەدا بنێین کە زانست بیرۆکەیەکی ڕاستودروستە، چ هۆکارێک دەمێنێ ببێتە مایەی ئەوەی چەند جیاوازی لەو جۆرە لەنێوان بەهایەکی دیاریکراوی مێژوویی و ئەوەی بەڕاستی ڕاستە بە هەند وەرنەگرین، ئیتر بتوانین لەو بیرۆکەیە «بە ڕەخنەی ژیر» تێی بگەین، یان نەتوانین؟! مێژوو، زانستی ئەزموونی مرۆڤی بەگشتی ناتوانن بە ئامرازی تایبەتی خۆیان لەو بارەیەوە بڕیاری یەکلایی کەرەوە بدەن، بە واتای ئارێ، نەک بە

واتای نارێ: ئایا لەنێوان ئایین وەک پێکهاتەیەکی کولتووری و ئایین وەک بیرۆکە، واتە وەک ئایینێکی ڕاستودروست، ئایا لەنێوان هونەر وەک پێکهاتەیەکی کولتووری و هونەرێکی ڕاستودروست، ئایا لەنێوان قانوونی مێژوویی و قانوونی ڕاستودروستدا و لە کۆتاییدا، هەروەها لەنێوان فەلسەفەی مێژوویی و فەلسەفەی ڕاستودروستدا دەکرێ جیاوازی بکرێت، یان لەنێوان یەکێک و ئەوی تردا، ئەفلاتوون گوتەنی، لەنێوان ئایدیا و فۆرمە شێواوە تەمومژاوییە دەرکەوتووەکەیدا، تەنانەت ئەگەر بکرێ بەڕاستی لە گۆشەنیگای ئەو جۆرە دژە ڕاستیبیانەوە سەرنجی پێکهاتە گیانییەکان بدرێ و بڕیار (حوکم) لە بارەیانەوە بدرێت، ئەو بڕیارە زانستییەی دەربارەی ڕاستییەکە خۆی دەدرێ، دەربارەی بنەما پێوەرییە ئایدیالییەکان بەهیچ جۆرێک بابەتی زانستی ئەزموونی (ئیمپری) نابێت. بیرکار ڕوو لە مێژوو ناکات بۆ ئەوەی دەربارەی ڕاستی تیۆرییە بیرکارییەکان دەستگیر بکات. هیچ کاتێک بەبیریدا نایەت کە لەنێوان پەرەسەندنی مێژوویی بۆچوونەکانی بیرکاری و بڕیارەکانی لەگەڵ پرسیاری ڕاستیودروستی پێوەندی هەڵبەستێ. (٣٢٦) بەو پێیە دەبێ چۆن مێژوونووس دەربارەی ڕاستیودروستی سیستەمە لە ئارادا بووە فەلسەفەییەکان، ئیتر بەڕاستی دەربارەی شیاوەکی زانستی دروستی فەلسەفەیی بە گشتی بڕیار بدات؟ ئەو دەتوانێ چی بداتە دەست بۆ ئەوەی بڕوای فەیلەسووف بە بیروبۆچوونەکانی، بە بیرۆکەی فەلسەفەی ڕاستەقینە لەق بکات؟! ئەوی لە سیستەمێکی دیاریکراو نکوڵی بکات، نەک کەمتر، ئەوی لە بوونی شیاوەکی ئایدیالی سیستەمێکی فەلسەفەیی نکوڵی بکات دەبێ هۆکارەکان بڵێ. فاکتە مێژووییەکانی پەرەسەندن، هەروەها جۆرە گشتییەکانی پەرەسەندنی سیستەم و نەزمەکان دەکرێ چەند هۆکارێک، فاکتەری چاک بن، بەڵام هۆکارە مێژووییەکان دەتوانن هەر ئەنجامی مێژوویان بەدوادا بێت. ئەگەر بویسترێ بەهۆی فاکتەکانەوە بیرۆکەکان پشتڕاست، یان پووچەڵ بکرێنەوە، بە پێچەوانەی ژێرەوەیە وەک کانت ئەو دەستەواژەی خواستووەتەوە.

مێژوو ئیتر بەو پێیە دژ بە شیاوەکی ڕاستیودروستی ڕەها بەگشتی، بەتایبەتی دژی شیاوەکییەکی ڕەهایەک، واتە میتافیزیکی زانستی و فەلسەفەیەکی دیکە ناتوانێ شتێکی گرینگ و سوودبەخش پێشکەش بکات.

ئەوەی دەڵێ گوایە تا ئێستا فەلسەفەی زانستی بوونی نییە، هیچ جارێک مێژوو ناتوانێ پشتڕاستی بکاتەوە، ئەو تەنیا بەهۆی سەرچاوەکانی دیکەی زانینەوە دەتوانێ ئەمە ساغ بکاتەوە، ئەو سەرچاوەیەش فەلسەفەییە. ڕوون و ئاشکرایە کە ڕەخنەی فەلسەفەیی، ئەوەندەی پێویست بێ، لافی ڕاستی لێ بدات، فەلسەفەیە و لە واتاکەشیدا شیاوەکی فەلسەفەیەکی سیستەمی وەک زانستێکی ورد و ڕێکوپێک بوونی هەیە. ئەو لافە بێ بنەمایە گوایە فەلسەفەی زانستی خەیاڵ پڵاوییە بەو پاساوە و بیانووە هەموو هەوڵە لاف لێدراوەکانی هەزار ساڵەی ڕابوردوو لە کردن نەهاتنی ناوەکی ئەو جۆرە فەلسەفەیەی کردووە بە ڕێتێچوون، ئەمە هەڵە و چەوتە، چونکە لە چەند هەزار ساڵێکی کولتوورێکی بڵند و شکۆمەندەوە ئەنجامێک دەربارەی دوارۆژێکی بێ سنوور بخرێتەوە، هیچ ئەنجامگیرییەکی چاک نییە (ئیندەکشن)، بەڵکو چەواشەیە بەوەی دژی ژیرە و لە کردن نایەت وەک ئەوەی ٢+٢=٥ لەبەر ئەو هۆکارە ڕوونکراوەیە: یان ئەوەتا ئەگەر ڕەخنەی فەلسەفەیی شتێکی لەبەردەمی خۆیدا بینیبێتی ڕاستییە بابەتییەکەی پووچەڵ بکاتەوە، کەوابێ کایەیەکیش لەئارادا دەبێ شتێکی بابەتییانەی ڕاستودروست ساغ بکاتەوە. ئەگەر کێشەکان بەپێی چەند پێوەرێکی دیاریکراو بە «چەوتی» دارێژرابن (٣٢٧)، ئەوە لە تواناییدا دەبێ دانانەکەیان ڕاست بکرێتەوە و کێشەی ڕاست دانراو لە ئارادا بن. ئەگەر ڕەخنە ڕوونی بکاتەوە و دەری بخات فەلسەفە لە گەشەکردنە مێژووییەکەیدا چەند چەمکێکی تەمومژاوی بەکارهێنابێ، چەمک و بۆچوونەکانی تێکەڵوپێکەڵ کردبێ و ئەنجامگیری چەوتی کردبێ، ئەوە هیچ جۆرە نکوڵی کردنێک هەڵناگرێ، ئەگەر مرۆڤ نەیەوێ بکەوێتە داوی بێ واتاییەوە، بە ئایدیالی قسە بکات، چەند چەمکێکی داوەتە دەست، دەکرێ دیاری بکرێن، ڕوون بکرێنەوە و جیا بکرێنەوە بە جۆرێک لە چەند کایەیەکی دیاریکراودا ئەنجامی ڕاستودروستی خستووەتەوە...تاد. هەر ڕەخنەیەکی ڕاستی قووڵ و بە تەوژم هەر خۆی ئامرازی پێشکەوتن دەداتەدەست، ئایدیالییانە ئامانجی ڕاستودروست و ڕێگاکەی و بە زانستێکی بابەتی ڕاست ئاماژە دەدات. ئاسایی و

سروشتییە کە سەرەڕای ئەوانە بگوترێ، لە کردن نەهاتنی مێژوویی پێکهاتەیەکی گیانی وەک فاکتێک هیچ پێوەندییەکی بە لەکردن نەهاتنەوە نییە بە واتای «ڕاستیودروستی» . ئەوەی تاوەکو ئێستا خرایە بەرچاو، دەکرێ لە هەر کایەیەکدا کە ڕاست بێ، جێبەجێ و پیادە بکرێ.

ئەوەی دەتوانێ لایەنگیرانی ڕێبازی مێژوویی تەفرە بدات، ئەو ڕەوشەیە، ئێمە بەهۆی خووپێوە گرتن و ژیان لەنێو پێکهاتە سەرلەنوێ بنیادنراوە مێژووییە گیانیەکەدا، لەنێو مەبەستی بالادەست، یان دەلەلات، هەروەها لەنێو کۆی پێوەندییە هاندەرەکان نەک هەر تەنیا واتا ناوەکییەکەی تێدەگەین، بەڵکو دەتوانین بڕیار لەسەر بەها ڕێژەییەکەشی بدەین. ئەگەر بە ڕێگای دەمامک و خۆگۆڕین سوود لەو پێشەکییانە کە فەیلەسووفی ڕابوردوو (مێژوویی) لەبەردەستیدان وەربگرین، لەکۆتاییدا دەتوانین ئەنجامە ڕێژەییەکانی فەلسەفەکەی بزانین و دانیان پێدابنێین، ئەنجا ڕێکوپێکییەکەی پەسند بکەین، لەلایەکی ترەوە لە ناڕێکوپێکییەکەی ببوورین کە بریتییە لە دواخستنی کێشەکان و تێکەڵوپێکەڵ کردنیان و گۆڕینەوەیان. ئەمانە چەند شتێکن نەدەکرا لەو قۆناغەی (ئاستەکانی) کێشە و شیکردنەوەی دەلالەتدا خۆیان لێ ببوێردرێ. ئێمە دەتوانین چارەسەرە سەرکەوتووەکەی کێشەیەکی زانستی وەک دەسکەوتێکی مەزن هەڵسەنگێنین کە لەم سەردەمەماندا سەر بە گرووپێکی ئەو کێشانەیە کە قوتابییەکی دواناوەندی دەتوانێ بە ئاسانی بە تەواوەتی یەکلایی بکاتەوە، هەر بەو شێوەیە خۆی، ئەمە لە هەموو کایەکاندا ڕاستە. بەرانبەر بەمە ئێمە پێ لەسەر ئەوە دادەگرین کە بنەماکانی ئەو هەڵسەنگاندنە ڕێژەییانە لە کایەی ئایدیالستیدان، کە مێژوونووسی هەڵسەنگێنەر نایەوێ تەنیا هەر لە پەرەسەندنە ڕووتەکان تێ بگات، بەڵکو گریمانەیان دەکات، بەڵام وەک مێژوونووس ناتوانێ ساغیان بکاتەوە. پێوەرە بیرکارییەکان لە ماتماتیکیدان، ئەوانەی لۆجیکین لە لۆجیکدان، ئەوانەی ئاکاری لە ئاکاردان...تاد. لەو دیسپلینانەدا دەبێ مێژوونووس بەدوای میتودەکانی پشت ڕاستکردنەوەدا بگەڕێ ئەگەر بیەوێ لە هەڵسەنگاندنەکەیدا زانستییانە بێت. ئەگەر لەو سۆنگەیەوە زانستی ڕێکوپێکی پەرەسەندوو نەبێ، دەبێ بەپێی ئۆباڵ و بەرپرسیارێتی تایبەتی خۆی وەک ئەوەی ئاراستەیەکی ئاکاری هەبێ، یان مرۆڤێکی بە باوەڕی ئایینی بێت، بەڵام بە هیچ جۆرێک نەک وەک مێژوونووسێکی زانستی، ئەو هەڵسەنگاندنە بکات.

ئیتر دوای ئەمە ئەگەر من ڕێبازی مێژوویی وەک هەڵەیەکی تیوری زانین ببینم، دەبێ بە سایەی ئەنجامە دژە ژێرییەکانییەوە بە تەواوەتی بە زبری وەک ڕێبازی سروشتی ڕەت بکرێتەوە، هەروەها حەز دەکەم بەپێ داگرتنەوە دەری ببڕم کە من بایەخە مێژووییە گەورە و گرانەکان بەوپەڕی واتاکانیانەوە بۆ فەیلەسووف بە تەواوەتی دانی پێدا دەنێم. بۆ ئەو دۆزینەوەی گیانی گشتی وەک دۆزینەوەی سروشت بە تەواوەتی گرینگە. قووڵبوونەوە لە ژیانی گشتی گیانی بۆ فەیلەسووف کەرەستەیەکی بنەڕەتیترین توێژینەوەیە لە چاو ئەوەی نێو سروشت. کایە و پاوانی فینۆمینۆلۆجی وەک تیوری گەوهەر لە گیانی تاکەوە درێژ دەبێتەوە تاوەکو دەگاتە گۆڕەپانی تێکڕای گەوهەر، لە گیانی تاکەوە درێژ دەبێتەوە تاوەکو دەگاتە گۆڕەپانی تێکڕای گیانی گشتی (هاوبەش)، ئەگەرچی دیلتای بەشێوازێکی دڵگیر و کاریگەر ساغی کردووەتەوە، سایکۆلۆجی سایکۆفیزیک ئەوە نییە کە بکرێ وەک «بنەمای بنەڕەتی زانستە مرۆڤییەکان» بەکاربرێ و سوودی لێ وەربگیرێ، لەگەڵ ئەوەدا من دەڵێم فینۆمینۆلۆجی تیوری گەوهەر تاک و بە تەنیا خۆی دەتوانی فەلسەفەی گیان ساغ و پشتڕاست بکاتە و بنیادبنێ.

**سەرچاوە:**

**- Edmund Husserl: Aufsatze und Vortrage 1911-1921. (philosophie als strenge Wissenschaft. S.32-47.**